# سەبارەت بە یەکگرتنەوەی هەردوو دەسەڵاتی یەکێتیو پارتی

## گفتوگۆ لەگەڵ سامان کەریم

## سازدانی: سەعید ئەحمەد

**ئۆکتۆبەر: رۆژی 2006/5/7 لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان حکومەتی یەکگرتووی کوردستانو بەرنامەکەی راگەیەنرا. هەردوو حزبی دەسەلاتداری کوردستان هەلایەکی گەورەیان لەسەر ئەم یەکگرتنەوەیە سازکردووەو ئەمە بە دەسکەوتێکی گەورەو مێژوویی ناوئەبەن. رای تۆ لەسەر ئەم رووداوە چیە؟**

سامان کەریم: من پێم وایە دەبێت برێك پرسیارەکە وردتر بکەینەوە. چونکە تەنانەت لەنێو ڕیزەکانی هەردوو حزبی دەسەڵاتداردا، بۆچونی جیاواز هەبوو وە هەیە سەبارەت بە یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە. یەکێك لەو بۆچونانە ئەوەیە کە یەکگرتنەوە دەبێتە هۆی ئەوەی یاسا شکێنی (دیارە مەبەستم یاساکانی خۆیانە) بەهۆی یەکگرتنەوەو ترس لە هەرەسهێنانی یەکگرتنەوەکە دەبێتە مۆدیل لەسایەی دەسەلاتی فیفتی فیفتی نێوانیاندا، ئەمە بۆچونێکە تاڕادەیەکی زۆریش لە راستیەوە نزیکە. بەهەرحاڵ من مەبەستم ئەوەیە کە لەئاستی ڕاگەیاندنی ڕەسمی خۆیاندا زیاتر ئەو هەرایەیان ساز کردوەو ناویان ناوە ڕۆژێکی مێژووی. بەجیا لەوە من پیم وابێت دواکەوتنی ڕاگەیاندنی "حکومەتی یەکگرتوو" بەپێی ئەو بەڵێنەی کە نێچیرڤان بارزانی دای تاکوو مسۆگەر بوونی پێکهاتنی حکومەت لەبەغدا، ئەوە نیشان دەدات تا ئاستێکی زۆر متمانەی نێوان هەر دوو هێزەکە بەیەکتری لاوازە، تەنانەت ئەمە لە وتەکەی بارزانیدا بەڕۆشنی دەردەکەوێت لە ڕۆژی 5/7دا کە دەڵێت"ئەم کابینەیە کابینەی گەلی کوردستانەو دەبێ کابینەی خزمەتگوزاری بێت، نەوەك کابینەی ململانێ".

بەڵام ئەوە لایەنێکی ئەم باسەیە. لایەکی دیکەی گرنگتر نەریتو فەرهەنگی بزوتنەوەی کوردایەتییە. ئەو نەریتەی کە ئەم دوو حزبە بەهەموو کارو سیاسەتێکی خۆیان دەلێن مێژوویی، لە پەیوەند بە دیاریکردنی تاڵەبانی بۆ سەرۆکی عێراقو بارزانی بۆ سەرۆکی کوردستانو تەنانەت یادە هەرە تاڵەکانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم هێزانە لە لایەن ئەوانەوە بەڕۆژی مێژوویی ناو دەبرێت، دیارە ئەوان مەبەستیان ڕۆژی مێژووییە بۆ هەردوو هێزەکە بەڵام حەتمەن پێویستیان بەوەیە کە ناوی بنێن ڕۆژی مێژوویی بۆ "گەلی کوردستان".

هەروەك لە بەیانی ڕیکخراوی کوردستاندا هاتوە، ڕای من لەسەر ئەم یەکگرتنەوەیە ڕۆشنە. لەوێدا، باس لەوەکراوە کە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە لەچوارچیوەی سیاسەتو یەکلاکردنەوەی پیکهاتنی دەوڵەت لەعیراقدا دەچێتە پێشەوە. سەرنج بدەن لە پیرۆزبایی تاڵەبانی بۆ یەکگرتنەوەکە، ئەو دەڵێت "بەمجۆرە کوردستانی عێراق نەك هەر بۆتە نمونەیەکی دیموکراسیو ئاوەدانیو گەشەکردنی کۆمەلایەتیو فەرهەنگیو سیاسی بەڵکو هاندەرێکی گرنگیش دەبیت لە پتەو کردنی یەکێتی نیشتمانی عێراقو پاراستنی دەسکەوتە زۆرو زەبەندەکانی رزگاری عێراق لە دیکتاتۆریەتی دڕندانەی سەدام حوسێن" و هەروەها مەسعود بارزانی لە ووتەکەیدا لە پەرلەمان دەڵێت "ئێمە بەشانازییەوە دەڵێین کوردستان بەشێکە لەعێراقی فیدراڵی دیموکرات... من دەمەوێ زۆر بە دڵسۆزییەوە بە برایانمان بڵێم لە بەغدا، کە کوردستان هەمیشە قەڵایەك دەبێت بۆ پشتگیری لە عێراقی فیدراڵو دیموکرات" . بەکورتی بەبێ بوونی ئەم دوو هێزە لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمەریکادا بۆ پێکهێنانەوەی دەوڵەت لەعێراقدا ئەم یەکگرتنەوەیە مومکن نەدەبوو. یەکگرتنەوەی ئەم دوو هێزە لەسەر پایەی متمانەو باوەڕبون بەیەکدیو قبولکردنی مخالفی سیاسیو دەسەلاتی زۆرە بەسەر کەمایەتی لەچوارچیوەی یاری دیموکراتیدا نیە. هەروەها ڕۆشنە کە بەرئەنجامی خواستی خەڵکی کوردستان نیە. بەکورتی ئەم یەکگرتنەوەیە، یەکگرتنەوەیەکە لە ڕوانگەی هەردوو حزبەکەی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە، لەڕوانگەی بورژوازی وەکوو چینێك لەکوردستان، بۆ جێگیرکردنی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا. ئەم یەکگرتنەوەیە پابەند بونی تەواوی بزوتنەوەی کوردایەتیو هەردوو حزبە دەسەلاتدارەکەیەتی بە کۆنەپەرستترین دەستوریك کە تا ئێستا نوسرابیت. پابەند بونی ئەوانە بە سەرکوتکردنو زیندە بەچاڵکردنی خواستی جیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێك لە کوردستان. بەڵام پێویستە جەخت بکەمە سەر یەك تەوەرەی سەرەکی ئەویش ئەوەیە، کە ئەم "ڕوداوە مێژوویی"یە، ڕاستەوخۆ لە گرەوی سەرکەوتنی پڕۆسەی سیاسیدایە لە بەغدا، کە من گومانێکم لە فەشەل هێنانو شکستی ئەو پڕۆسەیەدا نیە، کە ئێستا لەسەر پایەی تائیفەگەری سیاسیو نەتەوەپەرستی دەچێتە پێشەوە لەسایەی سیاسەتی ئەمەریکیدا.

**ئۆکتۆبەر: لەبەرنامەی حکومەتی یەکگرتوودا کە لەم کۆبوونەوەیەی پەرلەماندا خرایە روو، کۆلێك وەعدەو بەلێن بە خەلکی کوردستان درا. بەرای تۆ ئەم یەکگرتنەوەیەو ئەم بەرنامەیە چی کاریگەرییەك لەسەر داهاتووی خەلکی کوردستانو گوزەرانو مافەکانیان دادەنێت؟**

سامان کەریم: پێویستە زۆر بە وردی سەرنج بدەینە بەرنامەی ئەم کابینەیە کە لە ووتەی سەرۆکەکەی نێچیرڤان بارزانیدا هاتوە. لەو وتەیەدا هیچ وەعدەو بەلێنێکی دیاریکراو نەدراوە. ئەو هاتوە بەقەولی ئیوە کۆلێك بەلاّم لە وەعدەو بەلێن نا بەلکوو لە کاری ڕیز کردوە لەبەردەم کابینەکەیدا بەلاّم وەعدی جێبەجێگردنی زۆربەی هەرە زۆری ئەو لیستەی نەداوە کە هاتوە لە ووتەو بەرنامەکەیدا. ئەوەی کە جەختی لەسەر دەکرێتو لە کۆتایی ووتەکەیدا نێچیرڤان

بارزانی کورتی دەکاتەوە ئەوەیە کە "کابینەکەمان: کابینەی هەموو گەلی کوردستان دەبێت، کابینەی دابینکردنی ئاسایشو سەقامگیری دەبێت. کابینەی سەروەری یاساو پەرەپێدانی دەبێت. کابینەی دابینکردنی دەرفەتی کارو خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان دەبێت". کەواتە ناوەڕۆکی بەرنامەی ئەم کابینەیە، هەر ئەوەیە کە بەشێوەیەکی چڕوپڕ کورتکراوەتەوە. بەڵام با بڕێکی زیاتر ورد بینەوە بزانین لەو فۆرمۆلە چڕو پڕەداو لە دوتوێی ووتەی سەرۆکی کابینەدا چی دیکەی لەسەر شانی خۆیو کابینەکەی لابردوە. نێچیرڤان بارزانی لە شوێنێکی دیکەی ووتەکەیدا و لە ژێر تیتەری خزمەتگوزارییەکاندا دەڵێت " ... دەبێت حکومەتی فیدراڵی عێراق بەرپرسیارێتی خۆی جێبەجێبکات بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەو هەموو زەرەرو زیانانەی کە بەر کوردستان کەوتوەو، بودجەیەکی عادلانەی بۆ تەرخان بکات". کەواتە باسەکەی ڕۆشنە لە پەیوەند بەدابینکردنی خزمەتگوزارییەکانەوە، کە لە ڕوانگەی ئەوەوە پێویستە حکومەتی فیدراڵی بەغدا بودجەیەکی تری بەجیا لەو بودجەیەی کە بۆ کوردستان دانراوە تەرخان بکات، ئەگەر نا ئەوا پێویستە خەڵکی کوردستان داوا لە حکومەتی بەغدا بکەن بۆ ئەوەی خواستەکانی پەیوەند بەخزمەتگوزارییەکان لە ئاوو کارەباو شەقامی قیرو قوتابخانەو خەستەخانەی نویو... بۆ دابین بکات، بەمەش دەیەوێت شانی خۆیو حکومەتە یەکگرتوەکەی خاڵی بکاتەوە لە دابینکردنی ئەم خواستەی خەڵکی کوردستان. کەواتە ئەوەی دەمێنێتەوە لە بەرنامەکەی سەرۆکی کابینەی پێنجەم تەنها ئەوەیە: کە کابینەکەی کابینەی دابینکردنی ئاسایشو سەقامگیری دەبیت، کابینەی سەروەری یاساو پەرەپێدانی دەبێتو کابینەی دەرفەتی کار دەبێت لەگەڵ ئەوەی هەوڵ دەدات لە چوارچیوەی یاساو دەستوری عێراقدا کەرکوکو خانەقینو... بگێڕێتەوە بۆسەر هەرێمی کوردستان. ئەمە هەموو بەرنامەکەیەو ئاو بێنەو دەست بشۆ. من لەم بەرنامەیەد هیچ بەرژەوندییەك نابینم، بۆ خەڵکی کوردستان وە تەنانەت هیچ قسەیەکی تازەی تێدانیە کە سەدەها جار هەردوو ئیدارەکە نەیان وتبێت.

بەڵام بەرنامەی سەرۆکی کابینە، بەجیا لەوەی لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمەریکیدا ئامادەیی خۆی ڕاگەیاندوە بۆ شەڕی دژ بەیترۆریزم، کە ئەوەشیان بۆ خەڵك ڕۆشنە چۆنو بەکام شێوەیە ئەم شەڕە دەکات. خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە دەیەوێت هەرچی زیاتر کوردستان بکاتە ناوچەیەك لە بازاری ئازادو وەبەرهێنانی دەرەوە ڕوی تێبکاتو سەرمایەی ناوخۆش بخاتە گەڕ لەمبارەوە ئەلحەقی ووتەکەی سەرۆکی کابینە گەلێك مەسائیلی وردو وەعدەو بەڵێنی تیدایە. ئەوەی کە دەڵێت کابینەی دەرفەتی کار، بەمانایەکی تر مەبەستی ئەوەیە کە کابینەکەی بەحەق کابینەی سەرمایەدارو خاوەن پارەکانی دەرەوەو ناوەوە دەبێت، حەتمەن لەسایەی ئەمەشدا ئەگەر بچێتە سەر، کارێك پەیدا دەبێتو ئەمەیان دەستکەوتی ڕاستەوخۆی کابینەکەی نیە، بەڵکو بە دەستکەوتی ئەو سەرمایانە دەنوسرێت کە دەخرێنە پرۆسەی وەبەرهێنانەوە.

ئەوەندەی بگەڕێتەوە سەر بەرنامەی ئەم حکومەتە یەکگرتووە، هەوڵی یەکخستنی ڕیزەکانی بورژوازی کورد دەدات لە چوارچێوەی ڕێکخستنی ڕیزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیو هەردوو حزبدا، ئەمەیان ناوناوە حکومەتی یاساو موئەسەسات. بەم پێیەش لە قاڵبدانی هەلسوکەوتی خەڵكو مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچیوەی بەرژەوەندی باڵای چینی بورژوازیو سەرمایە لە کوردستانو عێراقدا، کە دیارە لە ڕوانگەی خۆیانەوە لە دەستوری عێراقدا هاتووە، دەستوریك کە جگە لە بۆگەناو و کۆنەپەرستی زیاتر هیچی دیکەی لێدەرناکێشریت بۆ خەڵك. بەم مانایە لە ڕوانگەی بەرنامەی ئەوانەوە، چارەنوسی خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە بخرینەوە ژێر ڕکێفی دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی لە بەغداو مافی جیابونەوەی کوردستانو مافی ریفراندۆمیکی ئازادو گشتیان لێزەوتکرابێت. لە کاتێکدا کە هیچ مافێکی سیاسی بۆ خەڵك دابین نەکراوەو لە بەرنامەی ئەم کابینەیەشدا هیچ وەعدەو بەڵێنێك نەدراوە لەم بارەوە، ڕۆشنە کە ئایندەی خەڵکی کوردستان، ئەگەر بێتوو خەڵك بێدەنگ بێت کە من زۆر بەدوری دەزانم، ئەوە نەبونیو کەم دەرامەتیو گرانیو بێمافی بەشەپۆل ڕوو دەکاتە خەڵکی کوردستان، بەتایبەت کە ڕۆژ بەڕۆژ نرخی پێداویستیەکانی ژیان ڕوو لەسەرەوەو موچەش بەشی یەك هەفتەی هیچ خێزانێك ناکاتو خزمەتگوزاریەکانیش لە ئاستی نەبوودایە. بۆیە من پیم وایە داهاتوی خەڵکی کوردستان بەمانای دواڕۆژو چارەنوسی ئینسانیو باشبژیەتیو خۆشگوزەرانیو ئاسایشو ئارامیو دەستەبەرکردنی مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکانیان، ڕاستەوخۆ بەندە بە خۆیانەوە. بەندە بە ڕیکخراوکردنی زیاترو یەکگرتووبونی زیاتری بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان، لاوان، خویندکاران، فەرمانبەران، مامۆستایان، کرێکاران، ژنان....

**ئۆکتۆبەر: لەبەرنامەی حکومەتی یەکگرتوودا، ئاماژە بە هەندێ مەسەلەی گرنگی وەك مەسەلەی لاوانو چارەسەر کردنی کێشەو گرفتەکانیانو مەسەلەی ژنانو هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافو داواکانیان، چارەسەر کردنی کێشەی نەبوونی ئاوو کارەباو سووتەمەنی، هەوڵدان بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی، خزمەتگوزاریەکانو... تاد، واتە ئەو مەسەلانەی کە لە ماوەی یەك دوو ساڵی ڕابردوودا هەوێنی چەندین خۆپیشاندانو ناڕەزایەتی گەورەی جەماوەری بوون. پرسیارەکەم ئەوەیە، حکومەتی یەکگرتووو بەرنامەکەی چ کاریگەریەك لەسەر بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان دادەنێت؟**

سامان کەریم: بەڵێ هەموو ئەو مەسائیلانەی کە لەپرسیارەکەتاندا هاتون لە ووتەکەی سەرۆکی کابینەدا هاتوە. بەڵام هەروەك لەسەرەوە ئاماژەم پێدا سەبارەت بەو مەسائیلە گرینانەی خەڵكو خواستەکانیان هیچ بەڵێنو پەیمانێك نەدراوە بۆ جێبەجێکردنیان. ئەو بە وریاییەکی وردەوە هاتوە فۆرمۆلبەندی خۆی دەخاتە ڕوو، هەموو شتێك دەڵێت بێ ئەوەی یەك شت بدات. بۆنمونە لە پەیوەند بە وەبەرهێنانو سەرمایەگوزارییەوە بەڕۆشنی دەڵێت "حکومەتی هەرێم بڕوای تەواوی بە ڕۆڵی کاریگەری کەرتی تایبەت هەیە، بۆ خاوەن سەرمایەکانی ناوخۆش، هەمان پشتگیریو کارئاسانیان بۆدەکریت لەبورای وەبەرهێنان" بەڵام لە پەیوەند بەمافەکانی ژنانەوە دەڵێت "ئیمە کاردەکەین بۆ پاراستنو بەهیزکردنی مافی ئافرەتان لە دەستوری کوردستان.." نە دیارەو وەنە ڕۆشنە کە چ کاریك دەکەن!. لە پەیوەند بە سەرمایەو وەبەرهێنانەوە بەتەواوی کابینەکە خۆی بە صەلاحەتدار دەزانێتو دەڵی "باوەڕی تەواوی هەیە..." بەڵام ناتوانێت بلێت

"حکومەتی هەرێم باوەڕی تەواوی هەیە بە مافەکانی ژنان بۆنمونە یەکسانی ژنو پیاو لە بەرانبەر یاسادا یان هەرچیەکی دیکە"، یان نالێت "حکومەتی هەریم باوەری تەواوی بە ئازادییە سیاسیەکان هەیەو، ئازادی بیروراو ئازادی خۆپیشاندانو مانگرتنو بۆ خەلك دابین دەکات" یان نالێت "حکومەتی هەریم بریار دەدات کە موچەی فەرمانبەرانو مامۆستایانو کرێکاران بە فلانە ڕێژە زیاد دەکات" یان نالیت "حکومەتی هەریم هەریم بروای تەواوی هەیە بەوەی کە سیستەمی دواکەوتوی خویندن بگوریتو لەماوەی بۆنمونە 2سالی ئایندەدا ئەو کارە دەکات" یان نالێت "حکومەتی هەریم باوەری تەواوی بە ریفراندۆمیك هەیە بۆ خەلکی کوردستانو هەول دەدات ئەم خالە لە دەستوری عیراقدا دابین بکات"...ئەمانە هیچیان نالیت، چونکە حکومەتی بەرژەوەندییەکانی خەلکی کوردستان نیە، چونکە حکومەتی ڕاستەوخۆی خەلك نیە، بەلکو حکومەتی پاراستنی بەرژەوەندی پارتیو یەکێتیو سەرمایەدارنی کوردستانە. بەلام بۆ سەرمایەدرانی بیانیو نیوخۆ، بە قەناعەتو باوەڕی تەواوەوە نەخشەی خۆی دەخاتە ڕوو. دیارە ئەوە ناوەرۆکی بیرکردنەوەو بەرنامەو سیاسەتی خۆیو کابینەو هەردوو حزبەکەیەو ئەوان هەردوولایان حزبی سەرمایەدارانی کوردستانن‌و تا ئێستاش لە راستیدا لەوە زیاتریان نیشان خەلکی کوردستان نەداوە.

ئەگەر ئەو پێشەکییەمان قبول بێت، ئەوکات وەلامی پرسیارەکەتان ئاشکرایە. من پێم وابێت خەلکی کوردستان فرسەتو بواریکی زیادیان دا بە هەردوو حزبو ئیدارەکانیان، وەخەلك تا ڕادەیەکی زۆر دوای سیاسەتو هەنگاو تەنانەت شەڕەکانیان کەوت. ئێستاو دوای 15 سال لە دەسەلاتداری ئەم دووحزبی بزوتنەوەی کوردایەتییەو پاش زیاتر لە 3سال لە ڕوخانی حکومەتی قەومی بەعس، پیم وانیە خەلك مانۆرەکانی ئەم دوو حزبە بە ئاسانی بەسەریدا تێپەر ببێت. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە من دەلێم ئەم "حکومەتە یەکگرتووە"و بەرنامەکەیو ئاستی کاریگەرییەکەی بۆسەر بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەلکی کوردستان، بەوەوە بەندە کە بزوتنەوەی نارەزایەتی خەلك چەندە دەتوانێت یەکگرتووترو ڕیکخراوتر هەنگاو بنێت. گشت ڕێرەوی نارەزایەتیەکانی خەلکی کوردستان لە شوێنی خۆیو بەگەرمو گوڕییەکی زیاترەوە ئامادەیە. بە بەلگەیەکی زۆر سادە چونکە هیچ ئالوگۆرێكو هیچکام لە خواستەکان جێبەجێنەکراون وە تەنانەت وەعدەو پەیمانی جێبەجێکردنیان نەدراوە. لەسەردەستی ئەم کابینەو بەم بەرنامەیەوە پیم وانیە هیچ یەکێك لە خواستە سەرەکیەکانی خەلکی کوردستان بێتەدی. مەگەر بە هێزی یەکگرتوو ڕیکخراوی خەلك، کە ئەوەیان شتێکی دیکەیە. بۆیە من باوەڕم وایە کە نارەزایەتی خەلك وە تەنانەت توڕەبوونی زیاتریان بەرەو سەر دەچێت بەتایبەت تا پێش ڕاگەیاندنی یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە بەشێك لە بیانوەکانی هەردوو ئیدارە ئەوەبوو کە "با ئیدارەکان یەك بگرنەوە" لەمەودوا ئەو بیانوەش نەماو تەنانەت بواری ئەوەشیان نەماوە کە خەلك لە نێوان خۆیاندا بێنەو بەرە پێبکەن، وەك لە یەکەمین کابینەی یەکگرتویاندا پیادەیان کرد. ناسیونالیزمی کورد لە پەیوەند بە خواستو بەرژەوەندییەکانی خەلکەوە هیچ ڕیگای مانوری نەماوە، یان پیویستە وەلامیان پێبداتەوە، یان خۆپیشاندانو نارەزایەتی لە شیوەی جۆراوجۆردا ئامادەیە.

**ئۆکتۆبەر: سەرباری ئەم هەراو زەنایەی هەردوو حزب، گەشبینیو دلخۆشیەکی ئەوتۆ لەناو جەماوەری خەلکی کوردستاندا بەدی ناکرێتو خەلکی بە بایەخەوە تەماشای ئەم یەکگرتنەوەیە ناکات. هۆی ئەمە چیە؟ ئایا خەلك لەمانە بێ ئومیدبووە؟ ئایا ناکرێت هیچ چاوەڕوانیەکمان لەم حکومەتی یەکگرتووە هەبێت؟ ئایا ناکرێ خودی یەکگرتنەوەکەو نەهێشتنی دوو ئیدارەو دووحکومەتەکە بە شتێکی ئیجابی سەیر بکەین؟.**

سامان کەریم: خەلك گەشبین نیە پێیانو دلخۆش نیە، نە بەخۆیان وە نە بەیەکگرتنەوەکەیان. بەئاشکرا لە کەنالەکانی هەردوو حزبەوە ئەم پەیامە دەدەن بەگوێی دەسەلاتداراندا، ئەمە ڕاستیەکە هەردوو ئیدارەو حزبەکە بەباشی ئاگادارن. لە بەر هۆیەکی زۆر سادە چونکە خەلك هیچ متمانەیەکی بەم دوو حزبە نیەو بەباشی دەیان ناسن. دەزانن کە چۆن سەرمایە خردەکەنەوە، دەزانن کەچۆن ئەنفالچیو مەلەفچی لە نێویاندا تەراتێن دەکەن، دەزانن کە سەروەتو سامانی کۆمەلگای کوردستان لەسەر دەستی ئەم دوو هیزە ئەودیوی تورکیاو ئیران کرا، دەزانن کە زیاتر لە 30 هەزار خێزان بەهۆی شەڕی نیوان ئەم دوو هیزەوە ئاوارەو دەربەدەر بوو، دەزانن کە لەم 15سالەدا جگە لەسەرکوتو هەژاریو بێمافی هیچی دیکەیان پێنەبراوە، دەزانن کە گەندەلی سەرتاپای شادەمارو دەمارو خوێنبەرو خوێنهێنەری هەردوو حزبو ئیدارەکەیانی گرتوتەوەو بەم هۆیەوە زۆربەی هەرە زۆری بەرپرسانی هەردوو حزب بوون بە گەورە سەرمایەدارنی کوردستان لەکاتێکدا کە سالی 1991 لە دوای ئەوەی خەلك شارەکانی رزگار کردبوو بە پۆتینی قوریاییەوە هاتنەوە سەر حازیو پولێك لە گیرفانیاندا نەبوو. ئەم 15 سالە کوردستان بۆ زۆربەی زۆری خەلك کوردستان دۆزەخ بوو، بۆ ئەوانیش بەهەشتی شار، بۆ خەلك قالاوا بوو بۆ ئەوانیش فیرعەوناوا... ئەمە راستی مەسەلەیەکەو خەلك دەزانێتو بەم پێیە دل بەهیچ شتێکیان خۆش ناکات. ئەم راستیە لای سەرکردایەتیو ئیدارەی هەردوو حزبیش بەهەمان شیوە ڕۆشنە بۆیە هەراو هوریای "سەروەری یاساو پەرەپیدانو..." دەهێننە پێشەوە. هەموو مەسەلەکەیان ئەوەیە کە بەخەلك بلێن "یاسا سەروەرە" کە دیارە تا ئێستاش هەر وایان وتوە، وتویانە "کەس لەسەروو یاساوە نیە" بەلام هەر نێچیرڤان بارزانی خۆی یەك شەقی زۆر باشی لە یاساو بڕیارەکانی حاکمە هەژارەکەی هەولێر هەلدا. لەمەسەلەی 30 حوکمەکەی دکتۆر کەمالی سەید قادردا ئەم مەسەلەیە زۆر ڕۆشن بوو کە دواتر حوکمەکەی دابەزێنراو پاشان بە بڕیاری شەخسی سەرۆکی کابینەی پێنجەم ئازاد کرا، دیارە ئەوکاتیش رۆشن بوو کە سەرۆکی کابینە دەبێت، ئەمە سەروەری یاساکەی ئەوانە. بۆیە باسی یاسا بۆ ئەم دوو هێزە میلیشیاییە، تەنها ئەو یاساییەیە کە تەقە لە خۆپیشاندان دەکاتو قەلەمو دەنگە ئازادەکان زیندانیو سەرکوت دەکات. جا ئەوە ئەگەر تەنها باس لە یاساو دەستوری خۆیان بکەین، ئەگینا ئەگەر بێنە سەر ئەوەی کە کام یاساو بەکام ناوەرۆکەوە سەروەرە ئەوە هیچیان بۆ نامێنێتەوە.

بەلاَم بۆ ئەوەی یەکگرتنەوەکە ئیجابیە یان نا؟ هیچ بەرژەوەندییەکەی خەڵکی کوردستان لەم یەکگرتنەوەیەدا نە بە بناغە وەرگیراوە وەنە لە بەرنامەدا دانراوە. لەم ڕوانگەیەوە هەروەك لە بەیانەکەی ڕیکخراوی کوردستانیشدا هاتوە بەڕۆشنی وتومانە کە دژ بە بەژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانەو یەکگرتنەوەی دوو حزبو لایەنە بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە هەلومەرجێکی سیاسی دیاریکراو کە لەوێدا باسکراوە. بناغەی تێروانینی من بۆ ئیجابیو سلبی دیاردەو ڕوداوە سیاسیو کۆمەلایەتیەکان، هەمیشە بەرژەوەندییە ماددیو مەعنەویەکانی ئینسانە. هەمیشە بەرژەوەندییە سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتیەکانی زۆربەی زۆری خەڵکە. کاتێك من ئەم بناغەیە نابینم بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە، ڕۆشنە کە ناتوانم بە ئیجابی لەقەلەمی بدەم.

**ئۆکتۆبەر: وەك تۆ دەڵێیت نابێ خەڵکی کوردستان هیچ چاوەڕوانیەکیان لەم حکومەتە هەبێتو دڵی پێخۆش بکەن، ئەی کەوایە بەدیل چیە؟ دەبێ چی بکەن؟.**

سامان کەریم: من پێم وابیت، یەك ڕۆژ چاوەڕوانی لەدەورانی ئێستادا کارێکی نەگەتیڤە بۆ خەڵکی کوردستان بۆ ناڕازیانو هەموو ئەوانەی کە سالێکە بەشێوەی جۆراوجۆر شەقامەکانیان گرتوە. چاوەڕان بونی یەك ڕۆژە مانای بونی وەهمێکی یەك ڕۆژەیە بەم پڕوپاگەندانە. لەلایەکی دیکەوە، ئەنجامی چاوەڕوانیەکە پوچەو هیچی لێ سەوز نابیت. هەر بەو بەڵگانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پیکردو خەڵك گوێی نەدا بەم یەکگرتنەوەیە.

ئەلتەرناتیڤی ئیمە لە بۆنەی جیاوازو لە ڕاگەیاندنو بڕیاری جیاوزادا هاتوەو لە بەیانەکەی سەبارەت بە یەکککگرتنەوەش باسمان کردوە. باوەری قولّی من ئەوەیە، کە بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتیو بەهێزی ئەمرۆی هەلومەرجی سیاسی کوردستانە، ئەم بزوتنەوەیە ئەمرۆ بەشیکە لە واقعیەتێکی گەورەترو فراوانترو هێز هاوسەنگیەگی دیاریکراوی هەیە کە دەسەلاتداران ناچار بوون تا ڕأدەیەك ملی پێبدەنو وەك واقعیەتێکی زیندوو بە ناچار تەعامولی لەگەلّدا بکەن. ئەم هێز هاوسەنگیە پێویستە تا ئەو ئاستە گەشە بکات، کە تەواوی خواستو داواکاریو بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان وەك حەقیقەتێکی کۆمەلایەتی بە ئۆرگانو دەسەلاتو بەرێوەبردنی خۆیەوە دابین بکات، واتە دەسەلاتدارییەك دابین بکات کە هی خەڵك خۆی بێتو ڕاستەوخۆ بێ حەلقەی وەصل خەڵك خۆی دەسەلاتدارێتی خۆی بکاتو خەریك بێت تەواوی بەرژەوەندییە سیاسیو کۆمەلایەتیو فەردیو مەدەنیەکانی بکاتە یاساو دەستور دەسەلاتەکەی پارێزگاری لێبکاتو زیاترو زیاتر بیباتە پێشەوە. بۆ گەیشتن بەم ئەلتەرناتیڤە، ڕیگای گونجاو لەمرۆدا تەنها ریکخراوکردنو یەکگرتوکردنی ئەم بزوتنەوەیە بەدەوری ئاسۆیەکی سیاسی ڕۆشنو ئینسانیدا کە بتوانیت دەربڕین بیت لە زۆربەی زۆری خواستو بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کرودستان. ئاسۆیەکی سیاسی کە خۆی دابڕاندبیت لە بزوتنەوەی کوردایەتی، کە ڕیزەکانی خۆی جیاکردبێتەوە، لەم بزوتنەوەیەو لە هەموو ئەوهامێکی نەتەوەپەرستیو خورافاتێکی ئاسمانی. تەوەرەی سەرەکی جێبەجێکردنی ئەم ئەلتەرناتیڤە هەروەك پێشتریش ئێمە ڕاما گەیاندوە ئەوەیە کە ڕابەرانو هەڵسوراوانی بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵك لە لاوانو خویندکارانو مامۆستایانو کرێکارانو... خۆیان ریکخراوترو یەکگرتوو تربکەن، ڕیکخراوە جەماوەرییە سەراسەریو محەلیەکان پێك بهێنن. بزوتنەوەی خۆیان بە ئەلتەرناتیڤی جیابونەوەی کوردستانو پیکهێنانی دەولەتێکی سکولارو لەسەر پایەی مافی هاوولاتیبون ڕیکخراوو جۆش بدەنو لەسەر هەر خواستو داوایەکی خەڵك وەلامیان هەبێت، لەبەرانبەر هەر هێرشێکی سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتی دەسەلاتداراندا دژ بە خەڵکی بێنە دەنگو ڕیگا نەدەن هیچ دەستکەوتێکیان لێزەوت بکرێت یان هیچ پاشەکشەیەکیان بەسەردا فەرز بکرێت. حزبی ئێمە، حزبی ئەم ڕێگایەیەو بەهەموو تواناماناوە لە ڕیکخستنو یەکگرتووکردنی ئەم بزوتنەوەیەدا ڕۆڵی پۆزەیتڤی خۆمان دەبینینو لەهەولّی ئەوەدا دەبین، کە پەردە لەسەر تەواوی سیاسەتو یاساو هەنگاوەکانی دەسەلاتدارانی کوردستانو ب ەغداو وولاتانی ناوچەکەو ئەمەریکا هەلّبدەینەوە کە دژ بە خەڵکی کوردستانو خواستو بەرژەوەندی ئەوانە.